**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak.org@gmail.com

# هەڵوێست و بانگەوازی چاک:

## دەربارەی دواپەلاماری هێزەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان

وەک چاوەڕوان دەکرا، لەدرێژەی سیاسەت و مانۆڕو گەلەکۆمەی ئەمجارەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا دژ بەگەلەکەمان، هێزە هەوایی و یەکە تۆپ هاوێژەکانی ئەو وولاتە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ یەک، چەندین گوندی ناوچەو دەڤەرەکانی قەندیل و زاخۆ و دهۆکیان بەخەستی بۆردومان کرد و زەرەروزیانی گیانی و ماڵی زۆری بەخەڵکی سڤیلی ناوچەکان گەیاند. ئەم هێرش و دەستدرێژیە سەربازیەی تورکیا لەکاتێکدا بەڕێوەدەچێت کەهەڵوێستی نێودەوڵەتی و ئەمەریکاو ناوچەکە و عێراق و تارادەیەکیش هەرێمی کوردستان لایەنداری لەداگیرکەری تورکیا دەکەن و لەزۆر لایەنی سیاسی و سەربازی و هەواڵگری و دیبلۆماسی و لۆجستیکیەوە یارمەتی دەوڵەتی تورکیا دەدەن بۆ پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کورد، ئەویش نەک تەنها لە تورکیا بەڵکو لەسەرجەم ناوچەکەدا.

ئەگەرچی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەتورکیادا زۆر نەرمی لە خۆی نیشانداوە و پرۆژەی ئاشتیانەی کێشەکەی بۆ هەموو لایەک خستۆتەبەردەم و داوای چارەسەری عادیلانە دەکات، بەڵام دەوڵەتی تورکیا پێچەوانەکەی پیادەدەکات و دەیەوێت لەڕێگای سەربازی و بەردەوامبوون لە سەر سیاسەتی نکۆڵیکردن لە بوون و مافەکانی کورد و تێکشکاندنی ئیرادەی وولاتپارێزەکانیەوە کۆتایی بەکێشەکە بهێنێت. لەماوەی ڕابردوودا تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا هەوڵی داوە پرسی کورد لەوولاتەکەیدا هاوتای تیرۆر بکاتەوە و ڕەوایەتی بە چەوساندنەوە و بندەستی نەتەوەی کورد بدات. لەناوخۆشدا بێجگە لەبەردەوام بوون لەسەر ئۆپراسوێنە سەربازیەکان و سوتاندنی کوردستان و شەهیدکردنی گەریلا و زۆرتر میلیتاریزەکردنی کوردستان، هاوکات گوشارێکی زۆری سیاسی و ڕاگەیاندن و یاسایی هێناوەتە سەر پارتە سیاسیەکانی کورد و با نیازیشە بەناوی سیاسەتی دژی تیرۆر و پەیوەندی بە گەریلاکانی تورکیاوە دەمی ئەندام پەرلەمان و پارتە کوردیەکان ببەستێت.

سەبارەت بەهەڵوێستی دەوڵەتی ئەمەریکا و حکومەتی ناوەندی عێراق بەرامبەر بەدەستدرێژی تورکیا هەڵوێستی هاوکاری و پشتیوانیان هەڵبژاردووە و ئەوانیش هاوتای تورکیا گەلی کوردی باکور و شۆڕشگێرەکانیان بە دوژمنی خۆیان ناساندووە و گوشاریان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هێناوە هەتاکو زیاتر بچێتە ناو بازنەی سیاسەتەکانی تورکیاوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە تورکیا خاوەن سیاسەتێکی جێگیر و بەردەوامە لە دژایەتیکردنی سەرجەم ئەزمون و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پەکخستنی مادەی 140 و گشت داخوازی و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.

ئێمە لەم سۆنگەیەوە وەک ڕێکخراویی چاک جگەلەوەی کەسەرکۆنەی ئەم دەستدرێژیەی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا دەکەین، وە بەهەموو شێوازێکیش بەتوندی دژایەتی دەکەین و بەسیاسەتێکی ترسناکی دەناسێنین. هاوکات داوادەکەین ئەو هێزو دەوڵەت و لایەنانەی کە گلۆپی سەوزیان بۆ ئەم دەستدرێژیەی تورکیا داگیرساندووە کۆتایی بەهەڵوێستی ناڕەوایان بهێنن و چیتر هاوکاری و پشتگیری داگیرکەرانی کوردستان نەکەن.

هەروەها داوا لە خەڵکی کوردستان و هێزو پارتە سیاسیەکان دەکەین هەڵویستی نیشتیمانپەروەرانەی خۆیان دەرهەق بەم سیاسەت و گەلەکۆمەیەی سەر گەلەکەمان نیشان بدەن و بەهەموو تواناوە یارمەتی پێشکەش بە ناوچە بۆردومانکراوەکان و خەڵکی ناوچەکە بکەن و ببنە پشت وپەنایەن.

سەرکەوتنی تورکیا لەم پیلان و هێرشە سەربازیانەیدا، کەهەر ئێستا سەرەتاکانی دەستیپێکردووە، ئەگەر بەرەوڕووی نارەزایەتی و وەلامی توندی جەماوەری خەڵکی کوردساتن نەبێتەوە و پووچەڵ نەکرێتەوە، پێدەچێت پیلانی گەورەتر و بەرفراوانتر و مەترسیدارتری بەشوێندا بێت و لەئەنجامدا بە ئامانجە ڕەگەزپەرست و گلاوەکانی خۆی بگات، کە ئەویش درێژەدانە بە بارودۆخی ژێردەستەیی گەلی کورد لەناوچەکەدا.

ناوەندی چاک لەم میانەدا پێشنیاردەکات، بەرەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی بەهێزو کاریگەر لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوە پێکبهێنرێت و ئێمەش ئامادەین لەم پێناوەدا ڕۆڵی بەرچاو و دڵسۆزانەی خۆمان ببینین و ببینە بەشیک لەو جولانەوەیە، چونکە بە دڵنیایەوە پووچەڵکردنەوەی پیلانێکی لەم جۆرە یەکێتی و یەکڕیزی لەگەلەکەمان دەخوازێت.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسیدی گەلی کورد- چاک
chak.org@gmail.com www.chak.info